# فەرەنسا یەک میرابۆی هەبوو کورد بەسەدانو هەزاران

**ئەم وتارەم پێشکەشە بە (لیدیا)ی شۆخو شەنگی خۆشەویست کە هاندەرم بوو بۆ نووسینو هەرگیز ناتوانم لەیادی بکەم**



هەینی 8.6.2007
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

(میرابۆ گابریل هۆنۆرا دی ریکویتی) لەساڵی (1749)دا لەخێزانێکی دەوڵەمەندو نەجیبزادەدا لەدایکبووە. باوکی (ڤیکتۆر دی ریکویتی مارکویس) یەکێک بوو لەپیاوە ناودارەکانی فەرەنساو هەم نووسەرو هەم زانایەکی فیزیا بووە. میرابۆ برایەکی هەبوو ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی بوو کە نوێنەرایەتی چینی نەجیبزادەکانی دەکرد، بەڵام بەپێچەوانەی میرابۆی برای بوو تەنانەت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵانی خەڵک نەبوو. ئەویش وەکو میرابۆ ژیانێکی نارێکی هەبوو. بنەماڵەی میرابۆ لەساڵانی (1500)ەکاندا بنەماڵەیەکی بازرگانی مارسیلیا بوونو لەساڵی (1564)دا یەکێک لەبنەماڵەی ئەودا پلەیەکی بەگزادەی بۆخۆی کڕیوەو بووینە بەگزادە. ڤیکتۆری باوکی میرابۆ خانوویەکی گەورەی لە پاریس کڕی لەناوچەیەک بەبێ ئەوەی ئەو ناوچەیەی دیبێ، لەگەڵ نازناوی دوگ کە بەرزترین نازناوی گەورە پیاوان بووە لەدوای شازادە. هەروەها ڤیکتۆر مارکیوس بەهەمان شێوە کچی (مارکیوس دی ڤاسان)ی خواست بەبێ ئەوەی پێشتر یەکتریان بینیبێت. لەدایکبوونی میرابۆ زۆر بەزەحمەت بوو بۆ دایکی، چونکە میرابۆ سەرێکی یەکجار گەورەی هەبوو. کاتێک کە لەدایکبوو دوو ددانی کاکیلەی هەبوو (ئەگەر کورد بووایە دەیانگووت پەرجۆ (عاجباتی)یەو هەموو خەڵکیان پێدەترساندو، هەزارەها کەس لەترسان دەستیان دەکرد بەنوێژکردنو خواپەرستی)، پێیەکی خواروو خێچی هەبوو، هەروەها زمانی لەگەڵ ژێر زمانی بەیەکەوە نووسابوو، قژیشی زۆر بەخێرایی درێژ دەبوو. سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەتەمەنی سێ ساڵیدا ئاوڵە گشت دەموچاوی ئەو منداڵە بەدبەختەی شێواند. بەڵام زیرەکیو لێهاتوویی ئەم پیاوە هەر لە تەمەنی مناڵییەوە دەرکەوت، بۆ نموونە ئەو هەرکە تەمەنی گەیشتە (4-5) ساڵی دەیتوانی هەموو شتێک بخوێنێتەوەو زۆر بەخێراییش خۆی فێری نووسین کرد.

میرابۆ لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا، جگە لەزمانی فەرەنسی، زمانەکانی لاتینی، یۆنانی، ئینگلیزی، ئیتاڵی، ئیسپانیو ئەڵمانی دەزانی. لەهەمان کاتیشدا ماتماتیک زانێکی زیرەکو مۆسیقا ژەنێکی بەهرەمەند بوو، توانایەکی بێوێنەی گشت جۆرە وەرزشێکی بەدەنی لەگەڵ توانایەکی سەرسوڕهێنەری یادکردنەوەی هەبوو.

تواناکانو زیرەکی ئەو مرۆڤە بلیمەتە زۆر زوو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی فەرەنسا دەرکەوت، ئەو گوتەبێژێکی

بەناوبانگو لێهاتوو بوو، نووسینو وتارەکانی کاری زۆریان دەکردە سەر دانیشتوانو دەیهەژاندن. میرابۆ زۆر دژی زۆرداریو چەوساندنەوەی چینی هەژار، کرێکارو جووتیاران بوو لەلایەن دەرەبەگو سەرمایەدارانەوە، کە ئەمانەش بەئاشکرا لەنووسینەکانو گوتەکانیدا رەنگی دابووەوەو بەدی دەکران!

گیروگرفتی هەرە گەورەی میرابۆ لەسەردەمی لاوێتیدا، ئەوەبوو کە بەشێکی زۆری ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ رابواردنو بەرەڵلایی شەوانەو، لەئەنجامدا قەرزێکی یەکجار زۆری لەسەر کۆبووەوەو لەسەر ئەمەش چەندین جار تووشی سزادانو زیندانی کردن بووەوە.

میرابۆ لەیەکێک لە خوێندنگاکانی پاریس خوێندکار بوو، بەڵام لەئەنجامی پاڵەپەستۆی زۆری باوکیدا بەناچاری ئەوێی جێهێشتو روویکردە خوێندنگایەکی سەربازیو لەساڵی (1767)دا دەبێتە سەربازو دوای ماوەیەکی کورت دەبێتە ئەفسەرو لەو خوێندنگایەدا دێوانەو شەیدای کچێکی ناسکو نەشمیل دەبێت کە کۆلۆنێلەکەی چاوی خستبووە سەری. لەسەر ئەمە کێشەیەکی گەورە لەنێوان میرابۆو ئەو ئەفسەرە پایە بەرزە دروست دەبێتو، ئەفسەرەکە لەرق رائەچێو میرابۆ دەخاتە زیندان لەدوورگەیەک بەناوی دوورگەی رێ (Rhe). میرابۆ ساڵێکی لەو زیندانەدا لەنێوان ساڵانی (1768-1769)دا بردە سەر. ئەو پیاوە دوای بەربوونی لەزیندان لەساڵانی (1769-1770)دا بەشداری لەداگیرکردنی (کۆرسیکا)دا کردو زیرەکیو لێوەشاوەیی زۆری خۆی نیشاندا.

میرابۆ لەساڵی (1772)دا ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کچە نەجیبزادەیەک پێکهێنا، بەڵام ئەو زەماوەندە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەو وازی نەهێنا لەڕابواردنی شەوانەی خۆی لەگەڵ ژنە سۆزانییەکانی یانەکانی شەوانەو، هێندەی تر خۆی نایە ژێر باری قەردو رۆژ لەدوای رۆژ باری ژیانی قورستر دەبوو، تا وای لێهات لەئەنجامدا لەسەر ئەو بەرەڵلایی شەوانەی خۆی پەیوەندیشی لەگەڵ باوکیدا بەرەو کزی رۆیشتو لەهاوسەرەکەشی جیا بووەوە.

لەساڵی (1974)دا میرابۆ خرایە زیندانو دوورخرایەوە بۆ قەڵای (IF)، کە چەند مانگێکی تیادا بەسەربردو دواتریش گواسترایەوە بۆ قەڵای (Joux) لە پۆنتارلییە (Pontarlier). زیندانیکردنی ئەمجارەی میرابۆ لەسەر ئەوەبوو کە (لویسە)ی خوشکی هەرە خۆشەویستی خۆی، کە ژنێکی بێ وێنەبوو لەجوانیداو تابڵێی زەوقی بوو، خەڵک هەمووی بەجوانیو بەئارەزووە زایەندییەکانی ئەو کە هەردەم ئارەزووی لێ دەباری سەرسام بوون. ئەو ناسکو نازدارە ژێر بەژێرو بەدزی مێردەکەیەوە دەستی لەگەڵ کوڕێکدا تێکەڵ کردبوو، لویسەو ئەو کوڕە بەگزادەیە واتە واتی ئەوەیان خستە ناو خەڵک کە لویسە دەستدرێژی سێکسی لەلایەن میرابۆی برایەوە کراوەتە سەر. ئەم ناپاکیکردنەی لویسە لەمێردەکەییو واتە واتی دەستدرێژییەکە کارێکی یەکجار زۆری کردەسەر رەوشی خێزانەکەو بووە هۆی لەکە خستنە سەریان. لەئەنجامی ئەوەدا میرابۆ زۆر توڕە بوو هەروەها بەتووندی بەگژ ئەو دۆستەی لویسەی خوشکیدا چووەوەو زۆر دڕندانە دارکاری کردو لەچەندین جێگادا برینداری کردو ئەندامانی لەشی شکاند. دوای بەسەربردنی ئەو چەند مانگە ئەو لەساڵی (1775)دا لەزیندان ئازادکرا.

( ماركيوس دی مۆنییە)ی تەمەن حەفتا ساڵانەو سەرۆکی دادگای (پۆنتارلییە)و، یەکێک لەنەجیبزادەو ناودارەکانی فەرەنسا بوو. دوای پەیوەندییەکی خۆشەویستی میرابۆ توانی سۆفیا هەڵگرێتو بەرەو سویسرا رۆیشتن. لەسەر ئەو کارەدا لەلایەن دادگای باڵای فەرەنسییەوە بەبێ ئامادەبوونی ئەو دوو تاوانبارە میرابۆ فەرمانی خنکاندنو سۆفیاش فەرمانی زیندانیکردنی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو. لەسەر ئەو کارەی میرابۆ کێشە کەوتە نێوان دایکو باوکی میرابۆ، چونکە باوکی میرابۆ زۆر دژی ئەوکارەی کوڕەکەی بوو، هەروەها بەشەرمەزارییەکی گەورەی دەزانی بۆ خۆیانو بنەماڵەکەیان، کەچی دایکی میرابۆ سۆزی دایکایەتی وای لێکردبوو داکۆکی لەکوڕەکەی بکات. لەئەنجامدا (ڤیکتۆر ریکیوتی) فەرمانی گرتنی نێودەوڵەتی بۆ کوڕەکەی خۆیو بووکەکەی دەرکردو، لەساڵی (1777)دا هەردووکیان گیرانو میرابۆ بەتاوانی رفاندنی سۆفیا رەوانەی زیندانی ڤینسینیس (Vincennes) کراو، سۆفیاش بەهۆی سکپڕی رزگاری بوو لەوەی کە رەوانەی زیندانی ژنانی لەشفرۆش بکرێتو، لەبری ئەوەدا رەوانەی (مەڵبەندی چاککردنی ژنان) کرا بۆ ئەوەی ماوەی زیندانیکردنەکەی لەوێ بەسەر بەرێت. میرابۆ ئەو ماوەیەی زیندانی بە وەرگێڕانی پەرتووکێک بەسەربرد، سەرەڕای ئەوەی کە گوزەرانێکی زۆر خراپی هەبوو، جلو بەرگەکانی هەر هەمووی شڕو شەپڕیوو دڕاو بوون. لەو زیندانەدا میرابۆ دوای هەوڵێکی زۆر توانی بڕیارێکی نهێنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زیندان بەدەست بهێنێ کە مافی جووتبوونو تێکەڵبوونی شەوانەی لەگەڵ سۆفیای گوڵئەندام وەرگرێت. هەروەکو پێشتر باسی ئەوەمانکرد کاتێک سۆفیا دەستگیرکرا سکی هەبوو، دوای تێپەڕینی چەند مانگێک سۆفیا لەزیندان منداڵێکی بوو. بەڵام هەر زوو ئەو منداڵە گیانی سپارد، دوای مردنی منداڵەکەش میرابۆ دڵی لەسەر سۆفیای شوخو ناسک ساردبوو. پاش بەسەربردنی سێ ساڵو نیو ژیانی زیندانی میرابۆو سۆفیا لەڕۆژی (13.12.1780)دا لەزیندان ئازادکران. دواتریش لەئەنجامی فشارێکی زۆری جەماوەریدا، حکومەتی فەرەنسا بەناچاری دوای چەند ساڵێک بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ میرابۆو سۆفیا دەرکردبوو، لەئەنجامدا هەردووکیان هەر لەساڵی (1780)دا گەڕانەوە فەرەنسا، بەڵام باوکی نەیهێشت میرابۆ بگەڕێتەوە ماڵ بۆ لای ئەوان. گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا دوای چی؟ دوای ئەوەی میرابۆ بڕیاری کۆتایی بەپەیوەندی خۆشەویستی خۆی هێنا لەگەڵ سۆفیا، بەڵام ئەو دوورکەوتنەو دەست لێک بەردانە بڕیارێکی تاک لایەنانەی میرابۆ بوو، ئەگینا سۆفیا لەدڵەوە ئەوی خۆشدەویست. تا کار گەیشتە ئەوەی کە لەساڵی (1783)دا بەفەرمی لەیەکتر جیا ببنەوە. پاش ئەو دەست لێکبەردانەش سۆفیا نەیدەتوانی خۆشەویستی میرابۆ بەئاسانی لەبیر بکات، بۆیە پیشەی ئەو نازدارە هەردەم گریانو غەم خواردن بوو، کار بەمشێوەیە بەڕێوەچوو تاوەکو سۆفیای ناسک لەچەشنی پەڕەی گوڵ لەساڵی (1789)دا لەدوای تووشبوونی بەنەخۆشی دڵتەنگیو دڵەکوشێ بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناو خۆی کوشت. هەرچی میرابۆ بوو دوای جیابوونەوەی لە سۆفیا دیسان پەنای بردەوە بەر رابواردنی شەوانەی خۆی لەگەڵ ژنانی سەماکەر لە تیاترۆخانەکاندا، لەهەمان کاتدا چەندین وتارو نامیلکەی نووسی دەربارەی باری ئابووریو رامیاری فەرەنسا، ئەمەش وایکرد کە میرابۆ وەکو کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بێتە گۆڕەپانی بەرهەڵستکارانی رژێمی شا لویسی شازدەهەمی شای ئەوکاتەی فەرەنسا.

میرابۆ بەوێنەی (راسپۆتینی) رووسی دێوانەو شەیدای ژن، ئەمجارەیان لەتەمەنی (34)ساڵیدا واتە لەساڵی (1783)دا، کە جگە لە پیاوێکی ناوبانگ خراپ شتێکی تر نەبوو، نێچیری ئەو جارەی ئارەزووە زایەندییەکانی میرابۆ، کچێکی نەشمیلو لەباری تەمەن (19) ساڵانەی بەرەگەز هۆڵەندی بوو بەناوی نێهرا (Nehra). سەرەتا کە نێهرا میرابۆی بینی زۆر لەدیمەنی ناشیرینی ئەو ترسا، کەچی لەدواییدا راسپۆتینی فەرەنسی توانی بەقسە لووسو بەڵێنە دڵخۆشکەرەکانی خۆی رەگی خۆشەویستی لەدڵی ئەو کچە بەسەزمانەدا بڕوێنی، بەمشێوەیە نێهرای سادەو ساویلکە کەوتە داوی خۆشەویستی میرابۆ. ئەو خۆشەویستییە رێگای زەماوەندی بۆ هەردووکیان خۆشکردوو بوون بەژنو مێردو وڵاتیان جێهێشتو بەرەو لەندەن رۆیشتن. هەر لەو تەمەنەشدا بوو میرابۆ دەستیکرد بەخوێندنی پۆلەتیک لەزانکۆو تەواوی کرد. هەروەکو کورد گوتەنی (خوویەک گرتی بەشیری بەرینادات بەپیری)، میرابۆ لەدەرەوەی وڵاتیش گەڕایەوە سەر رابوواردنی شەوانەو کارە بەرەڵڵایەکانی خۆی، بۆیە چەندینجار خرایە نێو زیندانەکانی ئەوێش. بەڵام ئەو پیاوە زیرەکە بەهۆی بیرتیژیو لێهاتوویی خۆی هەر زۆر زوو کاری دەکردە سەر کارمەندانی ئەو زیندانانەی کە دەبوونەماڵی ئەو. زۆرجار کارمەندانی زیندان ئەو کەڵە پیاوەیان بانگهێشت دەکرد بۆ ئاهەنگە تایبەتییەکانی خۆیانو گوێیان لەقسەو بیروباوەڕو بۆچوونەکانی دەگرت.

میرابۆ لەساڵانی (1786-1787)دا وەکو سیخوڕێکی نهێنی فەرەنسی لە بەرلین کاری کردبوو. ئەو بەهۆی بیرتیژی خۆیو زیرەکییەکەی توانیبووی بەرنامەیەکی رامیاری بۆ بەرگریکردن لەچاککردنی دەستووری وڵات لەچەشنی دەستووری ئینگلیزی دارێژێت. بیرکردنەوەی ئەو پیاوە بیرکردنەوەیەکی ئازاد (لیبراڵ) بوو، هەروەها زۆر باوەڕی بەتواناکانی خۆی هەبووە، بۆ نموونە جارێک لەجاران بۆ نیشاندانی تواناکانی خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی فەرەنسیو، بەتایبەت کە زۆر رقی لە لا فاییتە (La Fayette) کە سەرەتا سەرۆکی پاسەوانانی نیشتمانی فەرەنسی بوو، دواتریش بووە سەرتیپی یەک لەو سێ لەشکرەی کە لەباکووری رۆژهەڵاتی فەرەنسادا بوون، گوتوویەتی: (لا فاییتە سوپایەکی هەیە، هەروەها کەللە سەری منیش تواناو دەسەڵاتی هەیە). لا فاییتە هەردەم رێگر بووە لەوەی کە میرابو بکرێت بە وەزیر یان ئەندامی سەرکردایەتی کردنی پارێزگای پاریس، لەبەرامبەریشدا بە بەردەوامی میرابۆ باسی ئەوی بەخراپە کردووەو لەهەوڵی نارزڕاندنیدا بووە.

گەورەترین سەرکەوتن بۆ فەرەنسا ئەوەبوو کە بە بڕیارێکی شاهانە لە (27.12.1788)دا رێگا درا بەوەی کە چینی سێیەم لە پەرلەماندا دەبێت (600) نوێنەری هەبێت بەرامبەر بە (300) نوێنەری پیاوانی کلێساو (100) نوێنەر لە نەجیبزادەکان. میرابۆ یەکێک بوو لەو کەسانەی کە خۆی بۆ نوێنەرایەتی چینی سێیەم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی هەڵبژارد. زۆربەی هەرە زۆری کرێکاران، جووتیارانو خەڵکی رەشو رووتی فەرەنسی دەنگیان بۆداو، دوای ئەوەی دەنگێکی یەکجار زۆری بەدەست هێنا، ئەوەبوو لە مانگی مایسی ساڵی (1789)دا بوو بەنوێنەری ناوچەی ئەیاکس (Aix) لە

ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسیدا.

لەرۆژی (23.6.1789)دا لەیەکەم کۆبوونەوەی کردنەوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی نوێدا، لویسی شازدەی شای فەرەنسا وتاری کۆشکی شاهانای خوێندەوەو، سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەنگدان بەگوێرەی چینەکانی کۆمەڵ بێتو، نەخشەو پلانەکانی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئاشکەراکرد. هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا ووتی : (ئامۆژگاری ئەوەتان دەکەم کە یەکسەر بڵاوەی لێبکەنو بەیانیش هەرکەسەو بەگوێرەی چینی خۆی بڕواتە هۆڵی دیاریکراوو دەست بە کۆبوونەوەکانی خۆتان بکەن). لویسی شازدە دوای تەواوبوونی قسەکانی هۆڵی کۆبوونەوەکەی جێهێشتو بەشی زۆری پیاوانی سەربە کلێساو نەجیبزادەکان لەگەڵیدا هۆڵەکەیان جێهێشت. نوێنەرانی راستەقینەی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە بەتەنیا مانەوە. لەوکاتە ناسکەدا میرابۆ سەرکەوتە سەر سەکۆی ووتاردانو ویستی وتارێکی بەسۆزو خرۆش بدات، کەچی بەرێوەبەری ئاهەنگی رێوڕەسمی کردنەوەی پەرلەمان خۆی نزیککردەوەو ووتی: (بەرێزەکانم ... ئێوە گوێتان لەئامۆژگارییەکانی شا بوو). میرابۆ لێی هاتە دەنگو ووتی: (ئێمە گوێمان لێبوو، کە چ ئامۆژگارییەکی کردین، بەڵام تۆ کە نەشوێنت هەیە لەپەرلەمانو نەدەنگیشت بۆ دراوە، ئەو کەسە نیت کە شتمان بەبیربێنیتەوە. برۆ بەو کەسە بڵێ کە تۆی ناردۆتە ئێرە (مەبەستی لویسی شازدەهەم بوو)، ئێمە لەسەر ویستو خواستی گەل لێرەدا کۆبووینەتەوە، کەسێک بەزۆری تفەنگ نەبێت ناتوانێ بمان هێنێتە خوارێو لێرە دەرمانکات). ئەم وتانەی میرابۆ بۆ ئەوێ رۆژێ زۆر گرنگ بوو، وە هەر زوو کەوتنە سەر زاری خەڵکو هەردەم دەیانگووتنەوە. رۆژی پاشتر بەشی زۆری ئەندامانی پیاوانی ئایینی گەڕانەوە بۆ نێو پەرلەمانو، رۆژی دواتریش بەرهەڵستکارانی بەگزادەکان هەڵوەشایەوەو (47) ئەندامیان هاتنەوە نێو پەرلەمانو لەگەڵ نوێنەرانی گەلو یەکیان گرتەوە. ئەوەبوو لەرۆژی (27.6.1789)دا شا لویسی شازدەهەم بەناچاری بڕیاریدا لایەنگرانی خۆی لەنێو بەگزادەکانو پیاوانی ئایینیدا بگەڕێنەوە نێو پەرلەمان. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەو دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ میرابۆو بەرهەڵسکارانو گەلی فەرەنسی، هەروەها خۆشەویستی میرابۆ لەلایەن کۆمەلانی خەڵکی رەشو رووتەوە گەیشتە بەرزترین ترۆپکە.

میرابۆ لەمانگی دیسێمبەری ساڵی (1790)دا بوو بەسەرۆکی یاکوبینە کلوپن (Jakobinerklubben)و لەرۆژی (29.1.1791)دا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی هەڵبژێردرا.

میرابۆ بەهۆی نووسینەکانیو گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان رۆژ لەدوای رۆژ ئەستێرەی بەختی لەئاسمانی ناوبانگیو ناوداریدا زۆرترو زۆرتر دەدرەوشایەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی کە نیشتمانپەروەرانی فەرەنسی نازناوی (گوتەبێژی شۆڕش)یان پێبەخشی. بەڵام میرابۆ لەمانگی مارتی ساڵی (1791)دا لەپڕ نەخۆش کەوت. جەماوەر بەتاسەوە هەواڵی بیستنی تەندروستی ئەو کەڵە پیاوەی شۆڕش بوونو بەجارێک

سەرتاپای وڵات بۆی بەخەم بوون. تاواى لێهات لەكۆتایی مانگی مارتی ئەم ساڵەدا هۆیەكانی گواستنەوە بەتەواوی پەكی كەوت لەو ناوچەیەی كە میرابۆی تیا دەژیا لەناو پاریس، وە بەتایبەت رۆژی (29ی مارت)، ئەویش لەبەر ئاپۆڕەی ئەو خەڵكە بوو كە سەردانی ماڵی میرابۆیان دەكرد لەپێناوی پرسینی تەندروستی ئەودا. میرابۆدا لەئێوارەی (2.4.1791)دا لەتەمەنی (42)ساڵیدا كۆچی دواییكرد، هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەدا، تەواوی دامودەزگا گشتییەكان داخرانو هەرچی ئاهەنگو ڤێستڤال هەبوو هەمووی دواخرانو (300) هەزار كەس دوای ئەو ئۆتۆمۆبێلە مردوو هەڵگرەی كە تەرمی میرابۆی هەڵگرتبوو كەوتبوون. تۆژینەوەكانی دادی پزیشكی ئەوەی دەرخست كە میرابۆ بەنەخۆشی گورچیلە مردووە، ئەویش دوای كەڵەكەبوونی میزی ژەهراوی لەناو خوێنیدا.

لەڕۆژی (13.7.1789)دا پەرلەمانی فەرەنسی بڕیاری دابوو گۆڕستانی پانتیۆنساینت (Pantheon Saint) بكاتە گۆڕستان بۆ پیاوە ناودارەكانو یەكەمین كەسیش تەرمی میرابۆی تیادا نێژرا. هەروەها پاشماوەی تەرمی جان جاك رۆسۆو ڤیكتۆر هۆگۆو چەندین ناوداری تریان گواستەوە بۆ ئەم گۆڕستانەو گۆڕەكەی ئەویش بووە مەزارگەی نیشتمانپەروەران. ئەو بڕیارەی پەرلەمانی فەرەنسی لەدوای پێشنیارێكی پاستۆرات (Pastoret)ی سەرۆكی پەرلەمانو سەرۆكی پارتی ناوەڕاست بوو، پاستۆرات مرۆڤێكی زیرەكو وریا بوو، بەڵام نەیاری میرابۆ بوو، هەروەها تووشی رقو كینەی میرابۆ ببووەوە. ئەو مرۆڤە جارێك لەسەر میرابۆ گوتبووی: (میرابۆ مێشكی رێوی هەیە لە كەللەسەری گوێرەكەدا).
دوای تێپەڕبوونی نزیكەی ساڵو نیوێك بەسەر مردنی میرابۆداو راستتر لە (10.8.1792)دا نیشتمانپەروەران توانییان رژێمی پاشایەتی بڕوخێننو دەستی شۆڕشگێڕان گەیشتە كۆشكی ڤێرسایو گشت بەڵگەنامە نهێنیەكان كەوتنە بەردەست كۆمەڵانی خەڵكو یەكێك لەو بەڵگەنامە نهێنیانەی كە تەواوی شۆڕشگێڕانو جەماوەری تاساندو لەناو دڵەوە هەموویانی هەژاند ئەوەبوو كە میرابۆ ساڵێك بەر لەمردنیدا واتە لەمارتی (1790)ەوە بەنهێنی خۆیفرۆشتبوو. ئەو پیاوەی كە بووە هۆی بەیەك گەیاندنی میرابۆو شاژنی فەرەنسا (ماریا ئەنتۆینێت)ی ژنی لویسی شازدەهەم، ناوی گغێو دی لا مارك (Grev De La Mark) بوو كە لەكۆتایی ساڵی (1789)دا لەگەڵ میرابۆ یەكتریان ناسی، ئەو پیاوە كەسێكی زۆر زیرەكو ویاو لەنەوەی بنەماڵەی شا بوو، هەروەها نمایندەی چینی نەجیبزادەكانی نێو پەرلەمانی ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی بوو، لەهەمان كاتیشدا زۆر بەد رەوشت بوو، وە یەكێك بوو لەسیخوڕە نهێنییەكانی نەمساوی لە پاریس. هەر دوای یەكتر ناسینی میرابۆو لامارك بەماوەیەكی كورت، لامارك پێشنیاری بەستنی پەیوەندییەكی نهێنی لەگەل میرابۆدا خستە بەردەم شاژنە (ماریا ئەنتۆینێت)، بەتایبەت كە میرابۆ تووڕەبوو لەوەی كە نەكرا بەوەزیرو لەبەردەم (لامارك)دا گووتی: (شاو شاژن دەبێ دووچاری مردن ببنەوەو كەسانی هیچو پووچ پێ بنێنە سەر لاشەكانیان). بەڵام شاژن گوێی نەدایە ئەو هەڕەشەیەی میرابۆو گوتبووی: (ئێمە تائێستا وا بەقووڵی نەكەوتینە تەنگانەو، لەڕێزی خۆشمان ناهێنینە خوارێ بەوەی كە پەنا بەرینە بەر كەسێكی وەك میرابۆو داوای یارمەتی لێبكەین). كەچی دوای

ماوەیەک (لامارک) لە برۆکسل بانگکرایەوەو پێی ڕاگەیەنرا کە (ماریا ئەنتۆینێت) دەخوازێت پەیوەندییەک لەگەڵ میرابۆدا دروست بکات. ئەوان لەوە زیاتر ڕێگە چارەیەکی تریان نەبوو، بۆیە هەموو مەرجەکانی میرابۆیان پەسەند کرد بەبێ هیچ گفتوگۆیەک یان دانوستانێک. شاژن (ماریا ئەنتۆینێت) هەموو قەردەکانی میرابۆی بەبڕی (208) هەزار لیرە بۆ دایەوەو مووچەی مانگانەشی بەبڕی (6000) لیرە بۆ بڕییەوەو چوار شیکیشی بۆ نووسی هەریەکەی بەبڕی (250) هەزار لیرەو، ئەگەریش هەموو شتێک بەباشی بڕواتو پەرلەمان هەڵوەشێتەوە ئەوە دواتر یەک ملیۆن پاوەند وەربگرێت. میرابۆ بەو پارەیەی کە لەشاژنی وەرگرتبوو کۆشکو تەلارێکی گەورەی کڕیبوو کە پڕبوو لە پەیکەری هونەریو کەلوپەلی بەنرخ. دوای ئەوەی کە میرابۆ پارەی خاوەنشکۆ شاژنی فەرەنسای خستە گیرفانی، بەزەردەخەنەیەکی زۆر بێشەرمانە گوتبووی: (مرۆڤ دەتوانێ من بکڕێ، تا ئەوەندەی مرۆڤ بیەوێ، بەڵام من خۆم نافرۆشم). ئەو قسەیەی میرابۆ هەروەکو قسەکانی خاوەن فایلرەشەکانی خۆمانە، کە لەکاتی داکۆکی کردن لەفایلە پڕ سەرشۆڕیو ناپاکییەکانیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ ڕژێمدا، بەڵام ناپاکیان لەنەتەوەی کوردو کوردستان نەکردووە! گومانیش لەوەدا نییە کە خاوەن فایلەکانی خۆشمان ناپاکییەکانیان لەکوردو کوردستان بۆ ڕژێمی سەددام لەپێناوی دەستکەوتی مادی بووە، ئەرێ دەبێت ئەوانیش بەو پارەیەی لە سەددامو دەرودەستەکەی وەریانگرتووە، خانووی وەکو میرابۆیان پێ کڕیبێت؟ میرابۆ شەوانە زۆر بەنهێنی سەردانی کۆشکی شاژنی دەکرد، هەروەکو دزێکی تاریکە شەو کارەکانی خۆی لەگەڵ کۆشکدا ئەنجام دەدا، مەگەر تەنیا فایلڕەشەکانی خۆمان لە میرابۆ شارەزاتر بووبن لەکاری ناپاکیو سیخوڕی کردنیاندا بۆ بەعسو سەددام. ئەوەی شایەنی باسە شاژن (ماریا ئەنتۆینێت)، لەهیچ چاوپێکەوتنێکدا نەیدەهێشت میرابۆ بەبێ دەست ماچکردنی ئەو بڕواتە دەرێ! ئەرێ کوڕینە داخۆ دەبێت میرابۆکانی خۆمان چەندینجار دەستە بەخوێن سوورو چڵکنەکانی سەددام، ساجیدە، عودەی، قوسەیو عەلی حەسەن مەجیدیان ماچ کردبێت؟ میرابۆ زۆرجار لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بەناپاکو بەکرێگیراوی کۆشکی شا تاوانبار دەکرا، ئەمەش لە خۆشەویستی ئەوی کەم دەکردەوە لەلایەن جەماوەرەوە، بەڵام گفتوگۆو لێدوانە بەسۆزەکانی ناو پەرلەمانی ئەو بە بەردەوامی کاری خۆی دەکردە سەر جەماوەرو لایەنگری زۆرتر دەبوو.

لە (27.11.1793)دا کۆنگرەی قەشان بڕیاریدا کە پاشماوەی تەرمی میرابۆ لە گۆڕستانی (پانتیۆن ساینت) دووربخرێتەوە، چونکە هەروەکو ئاماژەمان پێدا کە شۆڕشگێڕانی فەرەنسی چەندین بەڵگەنامەی پەیوەندییەکانی میرابۆیان بەکۆشکی شاهانە دۆزی بووەوە. ئاشکەرا بوونی ناپاکیو پەیوەندی میرابۆ بە کۆشکی شاهانەی لویسی شازدە بەجارێ کۆمەڵانی خەڵکی تووڕە کردو ئەوەبوو جەماوەرێکی زۆر ڕوویانکردە گۆڕستانی (پانتیۆن ساینت)و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵو هەشت مانگ بەسەر ناشتنیدا لەو گۆڕستانە، پاشماوەی تەرمەکەی میرابۆیان دەرهێناو ئاگریان تێبەرداو خۆڵەمێشەکەیان برد بەرەو گۆڕستانی کلامارت (Clamart) کە گۆڕستانی دزو جەردەکان بوو لەشارۆچکەی (سان مارسۆی) نزیک شاری پاریسو لەوێ ناشتیان.

ئای كە جیاوازییەكی چەند گەورە هەیە لەنێوان سزای ناپاكی میرابۆو میرابۆكانی كورد. میرابۆ بوو بە سیمبوولی ناپاكی نیشتمانی لەمێژووی فەرەنسیو هەموو جیهاندا، كەچی ناپاكی ئەوانەی خۆمان هێشتا هەر سیمبوولی خەباتو گیان بەخشینن لەپێناوی نەتەوەو نیشتمان. تاوەكو ئێستاشی لەگەڵدا بێت كەسێك یان دایك، كچو خوشكە شەهیدێك رووبەڕوو ناوێرێن پێیان بڵێت ئێوە ناپاكیتان لەخوێنی شەهیدان،نەتەوەو نیشتمان كردووە! شۆڕشگێڕانی فەرەنسی تەنانەت نەیانهێشت میرابۆو بەمردوویش بەبێ سزا ئەو ناپاكییەی بەسەردا تێپەڕێتو، لەو گۆڕستانەدا بمێنێتەوە كە بۆ ناودارانی فەرەنسا تەرخان كرابوو، كەچی كوردو شۆڕشگێڕانی كوردستان لەترسی پارتە دەسەڵاتدارەكاندا نەیانوێرا تەنیا خۆنیشاندانێك لەدژی ئەو فایلڕەشانەدا سازدەن، سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەر هەموویان لەشوێنی خۆشیان مانەوەو هەندێكیشیان پلەیان بەرزتر كرایەوەو، رۆژ لەدوای رۆژیش ئەو كۆشكانەی كە بەناپاكیو بەخوێنی شەهیدان بەدەستیان هێنابوو، بەرزترو بەرزتری دەكەنەوە! هەروەها تاوەكو ئێستاش رۆژانە بەسەدانو هەزاران هاووڵاتی لەبەردەم نووسینگەی ئەو ناپاكانەدا ریز دەبەستن بۆ واژۆیەك، كەچی كاكی خاوەن فایل بەپاڕانەوەش ئیشەكانیان بۆ جێبەجێ ناكاتو بەسەریانەوە دەهاڕێنێت!!!!

ئەوە لەكاتێكدا ئەو پەیوەندییە نهێنییەی میرابۆ هەروەها ناپاكییەكەشی لەپێناوی خزمەتكردنی داگیركەرانو دوژمنانی نەتەوەی فەرەنسی نەبووە، بەڵكو هەر بۆ دەسەڵاتێكی فەرەنسی بووە، چونكە فەرەنسا لەلایەن خەڵكانی فەرەنسییەوە بەڕێوەدەبرا كە بریتیبوون لەپیاوانی لویسی شازدەهەم، كەچی میرابۆكانی كورد سەرەڕای ئەوەی ناپاكییەكانیان لەدژی نەتەوەی كوردو خاكی كوردستان ئەنجام داوەو، بەم كارانەشیان خزمەتێكی زۆریان بەداگیركەرانو بەدوژمنان كە عارەبی شۆڤینی ئێراق-ن كردووە، هەو هەموویان سەركردەو بەرپرسی جارانن! ئەوە لەكاتێكدا كە تەنیا یەك رژێمی داگیركەری كوردستان رووخاوەو، ئەو هەموو میرابۆیە وەكو شۆڕەسوارانی گۆڕەپانی ناپاكی لەنێو كورددا ئاشكەرا بووینە! ئەرێ گەلۆ ئەگەر بێتو هەرسێ رژێمەكە داگیركەرەكەی تری كوردستان برووخێن، دەبێت چەندان میرابۆی تر دەركەون؟ لەوانەیە لەنێو كورددا میرابۆی وا دەركەوێت كە پەیوەندی بەهەر چوار رژێمە داگیركەرەكەی كوردستانەوە هەبێتو، خزمەتی باشی هەر چوار دوژمنو داگیركەرانی پارچەكانی كوردستانی كردبێت، تەنیا خزمەتی بە كوردو كوردستان نەكردبێت!!!! تەنیا ماوە ئەوە بڵێم فەرەنسییەكان یەك میرابۆیان هەبوو، كەچی كورد لەبەدبەختی خۆیدا بەسەدانو هەزاران.

## سەرچاوەكان:

Richard Andersen, Skikkelser fra den franske revolution, 1. udgave, 1. oplag, Jul. Gjellerups Forlag a-s, København 1972.

Erik Møller, Gennem den franske revolution dage og mænd, Berlingske Forlag, København 1944.

Otto Flake, Den franske revolution 1789-1799, autoriseret oversættelse fra tysk ved Johannes Weltzer.

Johannes Scherr, Den Menneskelige Tragikomedie Historiske Skildringer, Forlag: Bibliothek for de tusen hjem Fagerstrand pr, Høvik.

Octave Aubry, Den franske revolution 1, Trykt i H. P. Hansens Bogtrykkeri i København.